# کرماشان

**ساڵی ١٩٠٣ ی زایینی، لە نێوەندی کوردەکانی «گۆران»، شاری مێژوویی کرماشان، تەنیا بیست نەفەر فارسزمان وەک بریکاری دارەلحکوومە نیشتەجێ بوون، تێکڕای خەڵکی ئەم شارە کورد بوون!**

نووســــــینی:
سدیق بابایی　تاهر عەلیار

خوێنەری ئازیز!

ئەم نووسراوەی پێشکێشتان دەکرێ، زانیارییەکی رەنگامەیە سەبارەت بە نێوچەی دەوڵەمەند و رەنگینی کرماشان.

بێگومان، وردبوونەوە و بنکۆڵکردنی ئەم باسە، لێکۆڵینەوەی بەرفراوانتر دەخاتە بەر حەز و مەیلی تامەزرۆیانی ئەم بوارە.

کرماشان، ئەم مەڵبەندە بەرفراوانەی کوردستان، یان باشترە بوترێ ئەم کەڵەکێوییە بە تەمەنەی مێژوو کە بۆ چ راوچییەکی هەردەکێلی نامۆ، چاوبرسی و ددان تیژ و پرتەماح، لە راو نەهاتووە، بە وتارێکی وەک ئەمەی بەردەستتان وەک هەبووە و هەیە، لە ناسین نایەت.

بۆ ئەم مەبەستە، تەرخانکردنی کات و ساتی فراوان، شارەزایی و لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویست دەکا. با جارێ ئەمە بکەینە بەربانگی رۆژوودارانی بواری زانیاریی (هەرچەند کورتی) ئەم مەیدانە.

کۆکردنەوەی ئەم نووسراوە لەباری سەردێر و نێوەرۆک و کات و سات و سەردەمی رووداوەکان، بەشێوەیەک گەڵاڵە و تۆمارنەکراوە کە یەک لەدوایییەک زنجیرەی ئاڵوگۆڕ و بەسەرهاتەکان بخرێنە پێش چاوی خوێنەرەوە، هەر بۆیە ئەمە نووسینی مێژووی نێوچەکە نییە، بەڵکو باسی هێندێک رووداوی مێژوویی، دۆکۆمێنت و تۆزقاڵێک بەلای مێژوودا چوونە. لەبەر ئەوە ناتوانێ مێژوو بەحیساب بێت. هەروەک ئاماژەکراپێی، مێژووی ئەم بەشەی وڵات زۆر چڕ و پڕتر لەوەیە کە بتوانرێ، هەموو لایەن و تەوەرێکی شێبکرێتەوە.

نووسەرانی ئەم وتارە، پێیان لە کەوشی پسپۆڕان و زانایانی خاوەن زانست نەکردووە، تەنیا لە هەوڵی ئەوەدان پاتەیەک لەپێی رێڕەوانی وڵاتپارێز و کوردپەروەر بکەن، تا لەم رێگە دوور و درێژەدا هەستی هاووڵاتی بوون و پشتگیریی رێبوارانی ئەم رێگەپیرۆزە دەربڕن.

ستانی پان و بەرینی کرماشان ٢٣٦٢٦ کیلۆمێتری چوارگۆشەیە و، لە باکووری رۆژاوای ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵکەوتووە. لە باکوورەوە بە ستانی سنە (کوردستان)، لە رۆژهەڵاتەوە بە کۆنە پێتەختی کوردان (هەمەدان) و لۆڕستان، لە باشوورەوە بە ستانی ئیلام و لە رۆژاواشەوە نووساوە بە باشووری کوردستانەوە.

لەباری مێژووییەوە، یەکێک لە کۆنترین نێوچەکانی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناڤین دەژمێردرێ. سنووری ئینسانی ستانی کرماشان لە باکوورەوە کورد، لە رۆژهەڵاتەوە کورد (لۆڕ)، لە -باشوورەوە کورد و لە رۆژاواوە کورد (باشووری کوردستان عێراق). یەکێک لەهەرە کۆنترین میللەتان کە پاش ژیان و گوزەرانی ئەشکەوت (کۆمەڵی سەرەتایی) دەستیاندایە سازکردنی خانووبەرە، خەڵکی ئەم نێوچەیە بوون. لە گردۆڵکەیەک بەنێوی «تەپە ئاسیاو» نێزیک چۆمی «قەرەسوو»، چۆمی «ئەولە» و «گەنجی دارا» و شارۆچکەی «هەرسین»، ئاسەواری ئەمماڵانە بە تاقچەی سپیکاری (بەگەچ سواخ )کراوی تایبەت بە سەردەمانی کۆن ماوەتەوە. قاپ و قاچاچ و گڵێنەی برژاو، تاپۆ و کەلوپەلی سازکراو لە بەردەچەخماخ لە ئەشکەوتی شکارچییان (راوچییان) ی شاخی بێستوون لە کرماشان دیتراوەتەوە و تەمەنیان دەگەرێتەوە بۆ ١٢٠٠٠ (دوانزە هەزار) ساڵ پێش ئێستا).

پشکنینەکانی ئەم ساڵانەی دوایی کەونینەناسیی لە ستانی کرماشان پێشانیداوە تەمەنی کشت و کاڵ و ژیانی سەقامگیر لەم نێوچەیە، دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی هەزارەی هەشتەم و نۆهەمی پێش زاین.

پشکنینی ئاوایییەکانی «ئاسیاو»، «گردی سەراو» لە نێزیک شاری کرماشان، نەتەنێ کۆنترین بەڵگەیە بۆ خانووبەرە کە مرۆڤی سەرەتایی سازی کردووە، بەڵکو یەکێک لە کۆنترین